

بەهار عوسمان
یاریزانی تۆپی دەستی هەڵبژاردەی عێراق:

# بەگشتی خزمەتێکی وا بە وەرزشی کوردستان نەکراوە

***ئاستی یاری تۆپی دەستی و ئەو خولانەی ساڵانە لە کوردستان دەکرێتەوە، چۆن دەبینی؟**

- ئەوەی راستی بێت لە ئاستێکی وادا نییە جێگای باسکردن بێت و کەموکوڕیی زۆر زۆرە.

***ئەنجامدانی پاڵەوانیەتی کەم تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەو پێش نەچێت؟**

-بە دڵنیاییەوە کاریگەری زۆری دەبێت و دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی یاریزانیش لەم یارییە لە کوردستان.

***پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی ئاستی یاری تۆپی دەست بەرزببێتەوە؟**

-هیوادارم کاری زیاتر بکرێت لەسەر وەرزشی کچان، نەك تەنیا تۆپی دەست، بەڵکو هەموو یارییە وەرزشییەکان و کردنەوەی پاڵەوانیەتی و کردنەوەی یاریگای تایبەت بە یارییەکان و دابینکردنی پێداویستییەکانی ئەمانە هەمووی هۆکارن بۆ زیاتر پێشخستنی ئاستی وەرزشی.

***گرفتی یاریی تۆپی دەست لە چیدا دەبینی؟**

-نەبوونی کەسی شارەزا و تایبەت بەم یارییەو نەبوونی یاریگا و نەکردنەوەی پاڵەوانیەتی، ئێستا ئەمانە هەمووی گرفتە بۆ یاریی تۆپی دەست.

***لە هیچ یانەیەك گرێبەستت پێشکەش کراوە؟**

-لە ساڵانی پێشوو بەڵێ، پاش قەیرانی داراییش لە زۆر لە یانەکانەوە پێم گوتراوە، بەڵام خۆم نەمویستووە، حەزم کردووە خزمەت بە یانەکەم و شارەکەم بکەم.

***بەنیازی بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێك چی بکەیت؟**

- پەنا بەخوا تەواوکردنی خوێندنی ماجستێر لە بوارەکەی خۆم.

*** لەگەڵ ئەوەی یانەکانی کوردستان پشت بە راهێنەر و یاریزانانی بیانی ببەستن؟**

-نەخێر لەگەڵ ئەوەدا نیم، لەبەر ئەوەی یاریزانەکانی خۆمان ئەگەر خزمەت بکرێن، زۆر ئاستیان باشتر دەبێت، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا خزمەتێکی وا بە وەرزش بەگشتی لەم کوردستانە نەکراوە.

*** لە ناو خێزانەکەت بەتەنیا تۆ وەرزشوانی، یان کەسانی تریش هەیە لە بواری وەرزشی کار بکەن؟**

-بەڵێ بە خۆشحاڵییەوە هاوسەرەکەم یاریزانی تۆپی پێی بووەو لە چەند یارییەکی کوردستانیش یاری کردووەو پاڵپشتێکی باشە بۆمن.

***داواکاری و پێشنیارت بۆلایەنی بەرپرس چییە؟**

-هیوادارم خزمەتی زیاتر پێشکەشی وەرزش بکەن، بە دابینکردنی پێداویستییەکان و بەتایبەتی یاریی تۆپی دەست.

***بەو هیوایە نیت هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ و تۆش یەکێك بیت لە یاریزانەکانی؟**

- بە ئاواتی ئەوەم، بەڵام هەرگیز ئەوە روونادات، ئەوە خەونەو تەواو، بەداخەوە.

*** وەکو کچە یاریزانێك خەونی وەرزشیت چییە ؟**

-لە دوای وازهێنانم لە تۆپی دەست ببم بە دادوەری تۆپی دەستی ئەو هەوڵەشم بۆ داوە، بەڵام بەداخەوە هەتاکو ئێستا یەك خول کراوە بۆ ئەم بوارە.

***لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق بەردەوامی؟**

- بەڵێ، بەردەوامم و بەشداری پاڵەوانێتی وڵاتانی عەرەبیشم کرد لە مانگی رابردوو کە توانیمان پلەی سێیەم بەدەست بهێنین و مەدالیای برۆنزمان بەدەست هێنا.



شاری سلێمانی لە مێژووی خۆیدا هەمیشە بەوە بەناوبانگ بووە کە یاری تۆپی دەست لەم شارە گرنگیی تایبەتی هەبووە لە هەردووئاستی کوڕان و کچان، یانەی ئەفرۆدێت–ی تایبەت بە کچانیش تاکە یانەی شارەکەیە کە گرنگیی تەواو بە سەرجەم یارییە وەرزشییەکانی تایبەت بە کچان دەدات و کچانی ئەم یانەیەش بوونەتە جێگای بایەخی یانەکانی دیکەی یاری تۆپی دەستی و یەکێکە لەو تیپانەی کە خاوەن ژمارەیەکی زۆری یاریزانی بەتوانایەو دوارۆژی باشیان هەیە، یەکێک لەم یاریزانانەش کچە یاریزان بەهار عوسمان–ی یاریزانی تۆپی دەستی یانەکە و هەڵبژاردەی عێراقە. ناوبراو لەدایکبووی سالی ١٩٨٩ی شاری سلێمانییەو خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لەگەل یانەی ئەفرۆدیت و هەڵبژاردەی عێراق، ئیمەش لەنزیکەوە بۆ ئاشنابوون بە ژیانی وەرزشی ئەو وەرزشوانە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.



دیمانە: کارزان کانەبی

***بەکام یاریزانی جیهانی و سەرسامیت و حەز دەکەی بگەی بە ئاستی ئەوان؟**

- لە یاری تۆپی دەست بە یاریزان ساراباتێچ و لە یاری تۆپی پێی بە ئەستێرەی ئەرجەنتینی لیۆنێل میسی.


***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا بڵێی؟**

-دەستخۆشی زۆر لە گۆڤاری گوڵانی خۆشەویست دەکەم بۆ ئەرك کێشانیان و سوپاسی یانەکەم و سەرۆکی یانەکەم و ڕاهێنەرەکەم و یاریدەدەرەکەی دەکەم کە زۆر ماندوو بوون لەگەڵمان لە ڕێگای ئەم گۆڤارەوە زۆر سوپاسی خێزانە خۆشەویستەکەم دەکەم، ئەگەر ئەوان نەبوونایە نەدەگەیشتم بە ئاستی ئێستا، پشتگیری ئەوان زۆر پێویست بوو، سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە بۆ چرکەیەکیش هاوکارم بوون.



# ئەو یاریزانانەی ملیۆنەها دۆلاریان تێدا خەرجکراو تا ئێستا کارەساتن بۆ یانەکانیان

















هاوینی رابردوو یەکێک بوو لە جەنجاڵترین بازاڕەکانی گواستنەوە و زیاد لە یەک ملیار دۆلار خەرجکرا کە بەشی زۆری ئەو پارەیە لە خولی ئینگلیزی بوو.

هەندێک لە گواستنەوە زەبەلاحەکان هەتا ئێستا زۆر بە کەمی بۆ یانە نوێکانیان یارییان کردووە، یاخود بەشدارییان پێکراوەو ئاستێکی خراپیان نیشانداوەو خراونەتە سەر کورسیی یەدەگ. لەگەڵ ئەوەی لەم وەرزەدا زۆرێک لە یانەکان تا ئێستا نزیکەی ١٠٠٠ خولەکیان لە یاریگاکان بەسەر بردووە، بەڵام ئەستێرە تازەکانیان لە نەخۆشخانەکان، یاخود لەسەر کورسی یەدەگ زۆربەی کاتەکانیان بەسەردەبەن.

١- میچی باتشوای یانەی چێلسی
نرخی گواستنەوە : ٣٣ ملیۆن پاوەند
خولەکەکانی یاریکردن : ٦٧ خولەک
ئاستی لە وەرزی رابردوودا: ١٧ گۆڵ لە ٣٦ یاریدا بۆ یانەی مارسیلیا

٢- لوکاس پێرێز یانەی ئارسناڵ
نرخی گواستنەوە: ١٧ ملیۆن پاوەند
خولەکەکانی یاریکردن: ٦٧ خولەک
ئاستی لە وەرزی رابردوودا: ١٧ گۆڵ لە ٣٦ یاریدا بۆ دیپۆرتیڤۆ لاکرۆنیا، ١٤گۆڵی بە پێی چەپ بووە.

٣- ئەحمەد موسا یانەی لیستەر ستی
نرخی گواستنەوە : ١٦.٦ ملیۆن پاوەند
خولەکەکانی یاریکردن: ١٥٨ خولەک
ئاستی لە وەرزی رابردوودا: بەشداری لە ١٨ گۆڵدا کرد (١٣ گۆڵی تۆمارکرد و ٥ ئاسیست)

٤- لیرۆی سانێ یانەی مانچستەر ستی
نرخی گواستنەوە: ٤٦.٥ ملیۆن پاوەند
خولەکەکانی یاریکردن: ٥٨ خولەک
ئاستی لە وەرزی رابردوودا: خاوەن بەرزترین رێژەی بەشداری لە گۆڵ بۆ خوار یاریزانێکی ٢١ساڵ لە بۆندزلیگا (٨ گۆڵی تۆمارکرد، ٦ ئاسیست)

٥- هێنریک مخیتاریان یانەی مانچستەر یونایتد
نرخی گواستنەوە: ٢٦ ملیۆن پاوەند
خولەکەکانی یاریکردن: ١٠٧ خولەک
ئاستی لە وەرزی رابردوودا: زۆرترین رێژەی ئاسیست لە بۆندزلیگا و بەشداری لە ٢٦ گۆڵدا کرد ( ١١ گۆڵی تۆمارکرد ، ١٥ ئاسیست)

٦- پاکۆ ئەلکاسەر یانەی بەرشلۆنە
نرخی گواستنەوە: ٢٧ ملیۆن پاوەند
خولەکەکانی یاریکردن : ٢١٩ خولەک
ئاستی لە وەرزی رابردوودا: رێژەی ٥٣٪ی لێدانەکانی بۆ ناو گۆڵ بووە.

٧- مارکۆس ئەلۆنزۆ یانەی چێلسی
نرخی گواستنەوە : ٢٣ ملیۆن پاوەند
خولەکەکانی یاریکردن: ١٢٦ خولەک
ئاستی لە وەرزی رابردوودا: دروستکردنی ٤ گۆڵ لە خولی ئیتاڵیا

٨- خیزێ یانەی پاریس سان جێرمان
نرخی گواستنەوە : ٢١ ملیۆن پاوەند
خولەکەکانی یاریکردن: ١٢٨ خولەک
ئاستی لە وەرزی رابردوودا: بەشداری لە ١١ گۆڵدا لە لالیگا (٥ گۆڵی تۆمارکردووە، ٦ ئاسیست)

٩- ئەندرێ شورلێ یانەی بۆروسیا دۆرتمۆند
نرخی گواستنەوە: ٢٥ ملیۆن پاوەند
خولەکەکانی یاریکردن: ١٨٠ خولەک
ئاستی لە وەرزی رابردوودا: بەشداری لە ١٢ گۆڵدا لە بۆندزلیگا (٩ گۆڵی تۆمارکردووە، ٣ ئاسیست)

# گریزمان باسی داهاتووی دەکات



ئەنتوان گریزمان ئەستێرەو گوڵکاری یانەی ئەتڵەتیکۆ مەدرید دان بەوەدا دەنێت لە داهاتوودا ریزەکانی ئەتلەتیکۆ جێدەهێڵێت.

یاریزانە فەڕەنسییەکە بە بەردەوامی ناوی بە یانە گەورەکانی دیکەی ئەورووپاوە دەبەسترێتەوەو یەکێک لە خوازیارەکانیشی یانەی پاریس سان جێرمانی وڵاتەکەیەتی، ناوبراو لەو بارەیەوە گوتی: لە ئێستادا ئەتڵەتیکۆ مەدرید یانەی منەو پاریس لە پلانی مندا نییە، بەڵام لە داهاتوودا رەنگە ئەمە رووبدات.دەزانم ئەوان گرنگیان پێداوم، یانەیەکی گەورەن، کە دەیانەوێت بۆ گەورەتر هەنگاوبنێن.

ئاستە بەرزەکەی گریزمان لەم وەرزەدا بەردەوامەو لە شەش یاری لەگەڵ ئەتلەتیکۆ خاوەنی شەش گۆڵە.



# نیمارەکەی هەولێر دەچێتە ئیتالیا بۆ یاریکردن

شاری هەولێر خاوەن چەندین بەهرەمەندە لە یارییە جۆراوجۆرەکان و یاری تۆپی پێش تایبەتمەندی خۆی هەیە لەم شارە کە رۆژانە رێژەیەکی زۆر لە لاوان روو لەم یارییە دەکەن و بەهرەمەندی باشی لێ دەردەچێت پاشەڕۆژی باشیان بۆ ئایندەی وەرزشیی کوردستان هەیە. ئەحمەد تەیب ناسراو بە نیمارەکەی هەولێر، یەکێکە لەو گەنجانە و تەمەنی تەنیا ١٥ ساڵە، بەڵام ماوەیەك لەمەوبەر لە رێگەی بارزگانێکی ئیتالییەوە هەلی ئەوەی بۆ ڕەخساوە بۆ ئەوەی لە دەرگای یانەی ئەی سی میلانی ئیتالی بدات، لەبارەی چوونی بۆ وڵاتی ئیتالیاش ئەحمەد تەیب بۆ گۆڤاری گوڵانی گوتی: «من وەکو هەموو یاریزانێك بەهرەیەکی زۆری هونەری تۆپی پێم لایە، لە رێگەی وەبەرهێنەرێکی ئیتالی بە ناوی رۆگیرۆ گوانێلا کە لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستان دەژی و کاری بارزگانی دەکات، ئەو ئەمنی بردە وڵاتی ئیتالیا بۆ ئەوەی بتوانێ پەرە بە بەهرەی من بدات لە یانەی ئەی سی میلانی ئیتالی، ئێستا خەریکی رێکارییە یاساییەکانە بۆ ئەوەی کارەکانی من تەواو بکرێ لەلایەن رۆگیرۆی خاوەنی پرۆژەی ئەکادیمیای یانەی هەولێر بۆ ئەوەی بچمە وڵاتی ئیتالیا و لەوێ تاقی بکرێمەوە و ببمە یاریزانی ئەم تیپە گەورەی سەر ئاستی ئەورووپا، جگە لەوەش کاری ڤیزاکەم تەواو بووە تەنیا ماوە سەفەر بکەم.» ئەحمەد گوتیشی: «هێشتا بەتەواوی رێك نەکەوتووم، چونکە ئەوان لە وڵاتی ئیتالیا جارێکی دیکە تاقیم دەکەنەوە، ئەوکاتە ئەگەر ئەوان ئاستی منیان بەتەواوی بە دڵ بوو، بەفەرمی لەگەڵیان رێککەوتن دەکەم. بەهیوای ئەوەم لە رێگەی ئەم یانە ئیتالییەوە خزمەتێك بە وەرزشی کوردستان بکەم، تیمەی کوردیش خاوەنی چەندین بەهرەمەندین و ئەگەر دەرەفتی یاریکردنمان لەم یانە گەورانە بۆ بڕەخسێ، دەتوانین شتی گەورە بکەین و ئاستمان بەرز بێت.»

# شەترەنجی خانزاد باشترین یانەی عێراقە

بەهۆی ئەو گرنگیدانە بەردەوامەی بە یارییەکانی شەترەنج و کردنەوەی خول و پاڵەوانێتی و چالاکیی جۆراوجۆرو بەردەوام لە شاری هەولێرو بەشداریکردنی لە پاڵەوانێتییەکانی عێراق و بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لەسەر ئاستی یانەکانی عێراق، یەکێتی ناوەندی شەترەنجی عێراق لە رێوڕەسمێکدا یانەی شەترەنجی خانزادی شاری هەولێری بە باشترین یانە لەسەر ئاستی وڵاتی عێراقی فیدڕاڵ خەڵات کردو سەرۆکەکەشی بە چالاکترین سەرۆکی یانە دەستنیشان کرد، ئەم دەستنیشانکردنەش لەلایەن یەکێتی ناوەندی





# پاڵەوانێکی کورد دەچێتە یابان

دوای ئـەوەی لـە مـاوەی رابـردوو عەبدولکەریـم هاشـم یاریزانی لاوی بەرزکردنـەوەی قورسایی یانـەی وەرزشیی هەولێرو هەڵبـژاردەی نیشتمانی عێراقی توانی پلەی یەکەم لە پاڵەوانیەتی یانەکانی عێراق بەدەست بهێنێ و لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراقیش لە وڵاتی ئوردن لە پاڵەوانیەتی وڵاتانی عەرەبی مەدالیای زیوی بەدەستهێنا لە کێشی ٨٥کگم دوای ئـەوەی توانـی ١٣٧کگم بە خەتـف و ١٧٠گکم بە نەتـەر بەرزبکاتەوە، بۆیە یەکێتی ناوەندی بەرزکردنەوەی قورسایی عێراقی جارێکی دی بانگهێشتیان کردەوە بۆ ئەوەی بەشداری لە پاڵەوانیەتی وڵاتانی ئاسیا بکات، لەم بارەشـەوە عەبدولکەریم هاشم یاریزانـی یانـەی هەولێـر بۆ گۆڤـاری گوڵان گوتـی: «دوای ئەوەی لـە هەفتـەی رابـردوو لـە پاڵەوانیەتی یانەکانی عێـراق توانیم پلەی یەکەم بەدەست بهێنم لە کێشی خۆم و لە پاڵەوانیەتی وڵاتانی عەرەبی ئەنجام هەبوو، جارێکـی دیکـە بانگهێشـتی هەڵبـژاردەی عێـراق کـراوم بۆ ئەوەی بەشـداری پاڵەوانیەتـی ئاسـیا بکـەم لـە وڵاتـی یابان کـە بڕیـارە پاڵەوانیەتییەکـە لە ٨ی مانگـی داهاتـوو دەسـت پێـکات و تاکو ١٦ی هەمان مانگ بـەردەوام دەبێت.» گوتیشـی: «بڕیـارە هەڵبـژاردەی عێراق زووتر بچێتە ئـەو وڵاتەو لەم هەفتەیەش دەچینـە نێـو کەمپێکـی مەشـقی لە شـاری بەغدا، من تاکـە یاریزانی کوردم کە دەستنیشان کراوم، بەهیوای ئەوەم ئەنجامێکی دڵخۆشکەر بەدەست بهێنم.»

شـەترەنجی عێراق بۆ سـاڵی ٢٠١٦ بوو، مەڕاسـیمەکەش لە شـاری هەولێر بەڕێوەچوو کە یەکێتی ناوبراو قەلغانی یەکێتیەکەی لەلایەن زافر عەبدولئەمیر سەرۆکی یەکێتیەکە بە یانەی شەترەنجی خانزاد بەخشی و دڵزار حەمەسالْحی سەرۆکی یانەکەش کە لە ماوەی رابردوو جێگای پەنجەی دیار بووە لە یانەکە بە دابینکردنی پێداویسـتییەکان بۆ شـەترەنجزانانی شـاری هەولێرو چالاکیی جۆراوجـۆری بـەردەوام، لـە لێدوانێکیـش بۆ گۆڤاری گوڵان دڵزار حەمە سـاڵح سـەرۆکی یانەی وەرزشـیی خانزاد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «خۆمان بە خۆشـحاڵ دەزانین کە وەکو باشـترین یانە و منیش وەکو چالاکترین سەرۆکی یانەی خەڵات کراین لەلایەن بەرپرسانی شەترەنجی عێراق، ئەوەش ئەرکی ئێمە قورستر دەکات بۆ ئەوەی لە داهاتوودا کاری باشتر و زیاتر ئەنجام بدەین و ناوی یانەی خانـزاد و شـاری هەولێـر بەرزتر بکەینەوە، هەمـوو هەوڵێکیشـمان دەخەینەگـەڕ بۆ ئەوەی زۆرترین خزمەت بە کوڕو کچانی شەترەنجزانانی هەولێر بکەین.»

